**Begravningar i coronatider**

**Kurdiska sorani**

# بەخاکسپاردن لە کاتی پەتای کۆرۆنادا

کاتێک کەسێکی نێزیکمان یان هاورێیەک کۆچی دوایی دەکات پێویستمان بەوە دەبێت کۆبینەوە بۆ ماڵئاوایی لێکردنی و پێکەوە پرسەی بۆ بگێڕین. بەڵام کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ئێمە کەوتووینەتە دۆخێکی تایبەت بۆیە بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە ناچارین چۆنیەتی بەخاک سپاردنەکان بگونجێنین.
ئەوانەی لە سویددا بەرپرسن لە بەخاک سپاردن یارمەتی ئێوەی کەسانی نێزیک لەو دەدەن بۆ ئەنجامدانی بەخاک سپاردنێکی جوان و پڕ واتا و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانەی گونجاو هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو نەخۆشییە گشتگیرییەکەی کۆرۆنا ئەمڕۆ لەئارادایە. لەم بڵاوکراوەیەدا ئەوە شیدەکەینەوە کە پرۆسەکان چۆن بەڕێوە بچێت و چیجۆرە ڕێ و ڕەوشێک بگرینە بەر.

## Vem ansvarar för begravningsverksamheten i Sverige?

## ئایا کێ بەرپرسە لە کاروباری بەخاکسپاردن لە سوید؟

لە سویددا بەرپرس لە کاروباری بەخاک سپاردن لە دەستی هۆبەی بەڕێوەبەرایەتی کڵێسای سویدی و کەشیشانی هەروەها لایەنی شارەوانییەکانی ستۆکهۆڵم و ترانئۆسە. بە کەسی بەرپرس لە کاروباری بەخاک سپاردن دەگوترێت بریکاری سەرەکی (huvudman). ئەرکی ئەو بەرپرسە چاودێری و ئەنجامدانی ئەو خاڵانەیە بە خۆڕای بێلەوەی هیچ خەرجێک بکەوێتە سەر خێزانی کەسی کۆچکردوو:

- شوێنی بەخاک سپاردن یان هاوشێوەکانی لە گۆڕستانە گشتییەکاندا بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ،
- بەخاک سپاردن و هەڵکەندنی گۆڕ، هەروەها پڕکردنەوە و ڕێکخستنی گۆڕی هەڵکەندراو،
- لەو کاتەوەی کەسی بریکار دەبێتە بەرپرس لە تەرمی کەسی کۆچکردوو هەر خۆی بەرپرسە لە پرۆسەی گواستنەوەی تا ئەو کاتەی بەخاک دەسپێردرێت، بێجگە لە گواستنەوانەی بۆ باخاک سپاردن لە شوێنی تری بەدەر لە بەرپرسیارەتیی ئەو بریکارە، ئەگەر گواستنەوەکە بەهۆی گرێبەستێکی تایبەتەوە نەبێت لەپێناو ئامادەکردنی لە گۆڕستانێکی تایبەت.
- سووتاندنی تەرم.
- ئامادەکاریی جێگای پاراستنی تەرمەکە و نیشاندانی (بە کەسە نزیکەکانی).
- دیاریکردنی شوێن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ماڵئاوایی بە بێ سیمبوڵی دینی.

هەروەها کەسی بریکار بەرپرسە لەوەی شوێنی ناشتنی تایبەت دیاریکات بۆ ئەو کەسانەی سەر بە هیچ کۆمەڵگەیەکی کریستیانیی ناوچەکەی ئەو یان ناوچەیەکی نزیک لە سنووری فەرمانداریی ئەو نین.

بریکاری بەرپرس (کڵێسای سویدی هەروەها شارەوانییەکانی ستۆکهۆلم و ترانئۆس) ئەرکی کۆمەڵایەتیی ئەوەیان لەسەرە کە کاروباری بەخاک سپاردن جێبەجێکەن بۆ ئەو کەسانەی لە سوید دەژین. ئەو ئەرکەیش دەرباری سوید بە یاسا دیاری دەکات. بریکارەکان ڕێزگرتن لەو بارە بە هەند وەردەگرن کە مرۆڤەکان لە نەریتگەلی دینی جیاوازەوە هاتوون و ئەوەیش کە لەوانەیە لای هەندێک مرۆڤ بۆچوونی تایبەت هەبێت دەربارەی بەخاک سپاردن. بریکارەکان بەوپەڕی تواناوە دڵی کاسانی نزیک لە کەسی کۆچکردوو ڕادەگرن بۆئەوەی هەرچی زووتر بەخاک سپاردن بگاتە ئەنجام.

کەسانی بریکار بەپرس نین لە ئامادە کردنی شوێن و کەرەستەی پێویست بۆ ئەنجامدانی کار و هەڵوێستگەلی دینیی لەپێش ناشتن، بۆ نموونە شووشتن و هاوشێوەکانی. ئەو جۆرە پرۆسەیە لە لایەن ئەو کۆمەڵە ئاینییانەوە جێبەجێ دەکرێن کە کەسی کۆچکردوو لەسەری بووە..

Kyrkokansliet
POSTADRESS: 751 70 Uppsala
BESÖKSADRESS: Sysslomansgatan 4
TELEFON: 018-16 95 00

Svenska kyrkan

# Anhöriga planerar begravningen

## خزمان پلان بۆ بەخاک سپاردن دادەنێن

پلان و جێبەجێکردنی بەخاک سپاردن لەسەر خزمە نزیکەکانی کەسی کۆچکردوو دەبێت. ئەگەر کەسی کۆچکردوو ئەندامی کڵێسای سویدی بووبێت ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی خزمەکان پرۆسەی بەخاک سپاردنەکە پێکەوە لەگەڵ کەشیشی ئەو هۆبەیە جێبەجێ دەکەن کە کۆچکردوو لە سنووریدا ژیاوە. ئەگەر کەسی کۆچکردوو سەر بە دابێکی تری دینی (بۆ نموونە سەر بە کڵێسای کاتۆلیکی، جوو، ئیسلام، بوودیزم، هیندۆس) بووبێت ئەوکات خزمەکان بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی لایەنی ئایینیی خۆیان پرۆسەی ماڵئاواییەکە جێبەجێ دەکەن.هەروەها دەرفەتی ئەنجامدانی بەخاک سپاردنی بێدینانیش هەیە ( بەخاکسپاردنی سڤیلی).

ئەگەر هیچ کەسێکی نزیک لەوێ نەبێت یان نەخوازێت پرۆسەی بەخاک سپاردنەکە بگرێتە ئەستۆ ئەوا ئەرکی شارەوانیە ئەوکارە ئەنجامدات. ئیتر هەرکەس و لایەنێک پرۆسەی بەخاک سپاردنەکە جێبەجێ بکات ئەوا پێویستە ڕاسپاردەی خودی کۆچکردووەکە بەرچاوگیرێت لە جۆری لەگۆڕنان بە تابووتەوە یان سووتاندنی تەرم و ناشتنی خۆڵەمێشەکەی.

### Den avlidna ska kremeras eller gravsättas

### سووتاندنی تەرمی مردوو یان بەخاکسپاردن

ئەمڕۆ لە سوید دوو شێوەی ڕێپێدراوی *بەخاک سپاردن* هەیە. بەخاک سپاردنی مردوو یان لە ڕێگای خستنە گۆڕ (ناشتن) یانیش سووتاندنی تەرمەکەی (لە کووڕەدا) و ناشتنی خۆڵەمێشەکەی لە گۆڕێکدا. ئەوە بە گوێرەی بڕیاری خزمەکانی دەبێت چیجۆرە شێوە بەخاک سپاردن ئەنجام بدرێت.

ئەوەی گرینگە دەبێت تەرمی مردووەکە تا دەکرێت بە زووترین کات بسووتێنرێت یان لەگۆڕ بنرێت. درێژترین ماوەی ڕێپێدراو لە نێوان کاتی مردن و سووتاندنی تەرم یان لەگۆڕنان یەک مانگە. ئەگەر هۆی تایبەتی هەبێت ئەوا دەزگای باجی سویدی بڕیاری درێژکەرنەوەی ماوەی ناشتن یان سووتاندنی تەرمەکە دەدات. دەبێت لەماوەی یەک ساڵدا ناشتنی خۆڵەمێشی مردووەکە لەگۆڕ بنرێت. بڕیاردان لە دواخستنی لەگۆڕنانی خۆڵەمێش لەلای بەڕێوەبەری کاروباری ناشتنە.

# Särskilda regler med anledning av COVID-19

## ڕێساگەلی تایبەتی بە بۆنەی کۆڤید-١٩ (COVID-19)ـەوە

### Tidpunkt för begravningen

### کاتی بەخاکسپاردن

بەشێک لە خاوەن پرسەکان دەخوازن بەبۆنەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە پرۆسەی بەخاکسپاردنەکە دواخرێت. بەڵام بە پێی یاسای بەخاک سپاردن دەبێت تەرمی مردووەکە تا دەکرێت بە زووترین کات بسووتێنرێت یان لە گۆڕدا بنێژرێت- درێژترین کاتیش یەک مانگی پاش گیان سپاردنە.

هەروەها هۆی تریش هەن بۆ دوانەخستنی بەخاک سپاردن. سابارەت بە خودی بەخاک سپاردن، ئەزموونەکان ئەویان دەرخستووە کە بەخاک سپاردن بەشێکە لە پرۆسەی پرسەو کەمکردنەوەی خەم و پەژارە،. بەڵام مەترسی لەوەدایە ئەگەر زۆرکەس بخوازن کاتی بەخاک سپاردن دواخەن ئەوا هێشتنەوەی تەرمی کەسی مردوو کێشەی لێ دەکەوێتەوە.

ئەگەر تۆ وەک کەسێکی نزیک پێویستت بەوەبێت کە بەخاک سپاردن بۆ ماوەیەک دواخەیت ئەوا باشترین بژاردە سووتاندنی تەرمەکەیە ئەوکات دەتوانن لەگۆڕنانی خۆڵەمێشەکەی دواخەن بۆ ماوەی یەک ساڵ. واتە گۆزەی خۆڵەمێش لەبریی تابووت.

### En minnesstund vid ett senare tillfälle

### دواخستنی پرسە بۆ ماوەیەکی تر

Kyrkokansliet
POSTADRESS: 751 70 Uppsala
BESÖKSADRESS: Sysslomansgatan 4
TELEFON: 018-16 95 00

Svenska kyrkan

مرۆڤ دەتوانیت چی بکات ئەگەر بەخاک سپاردن بەو شێوەیەی تۆ کەسی نزیکی دەیخوازیت نەگەیشتە ئەنجام؟ ئەوکات بژارەی ئەوەت دەبێت کە کۆڕبەستنەکەتان بۆ ماوەیەکی دواخەن، ئەوکات کەسانێکی زۆرتر دەتوانن لەگەڵتان بەشداربن. بەوپێیە دەرفەتێکتان بۆ دەڕەخسێت تا کۆڕی پرسە، نوێژ یانیش بە پێی نەریتی دینی خۆت بۆنەیەک بەڕێوە بەریت.

## Begravningsgudstjänst och avskedsceremoni

## نوێژی بەخاکسپاردن و ئەنجامدانی پرۆسەی ماڵئاوایی

تۆ وەک نزیکترین کەس بۆ بەڕێوەبردنی نوێژی بەخاکسپاردن/ پرۆسەی ماڵئاوایی کۆمەکت دەکرێیت لەلایەن نوێنەری ئەو کۆمەڵە دینییەی خۆت دەیخوازیت. چاکوایە لەکاتی هەبوونی ڤیروسی کۆرۆنادا پێش پلان دانانت هەندێک زانیاری سەبارەت بە دۆخەکە وەرگریت. تۆ وەک خاوەن پرسەکە چاک وایە بە ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەری کۆڕی باوەڕپێکراوی لایەنە دینییەکەت جۆری بەخاک سپاردنەکە ئەنجام بدەن بە شێوەیەک خزم و دۆستان لێتان دڵنیابن.

کۆڕە تایبەتەکانی پرۆسەی نوێژی بەخاکسپاردن و ماڵئاوایی کردن لەلایەن کۆمەڵە ئاینییەکانەوە (*allmänna sammankomster*) وەک *کۆبوونەوەی گشتی دەژمێردرێت*، بۆ دەسەڵات بڕیاری ئەوەی داوە کە لەو جۆرە کۆبوونەوانە ژمارەیەکی سنووردار بتوانن بەشداری بکەن - ئەوپەڕی ٥٠ کەس. واتە گونجاوترین ئەوەیە کەمترین ژمارە بەشداربێت.

ئەوانەی بەشدار دەبن لە پرۆسەی بەخاک سپاردن پێویستە:

- ماوەی نێوانیان دوو مەتر بێ.
- دەستەکانیان خاوێنی ڕاگرن.
- هیچ نیشانەیەکی پەتایان پێوە نەبێت.
- خۆ دوور بگرن لە پێوەندی تەنیی، وەک باوەش بەیەکداکرتن و تەوقەی دەستی.

ئەوەتان لەبیربێت کە فراوانیی شوێنی کۆبوونەوەکە ڕۆڵی دەبێت لەوەی چەن کەستان بۆ هەیە بانگێشتی بکەن بۆ بەشداری کردن لەو پرۆسەی ماڵئاواییە.

ئەگەر بڕیاریش بدەن کە کۆڕی ماڵئاواییەکە لە دەرەوە (شوێنێکی کراوە)دا بێت ئەوا دەبێت شوێنەکە هەندە فراوانبێت کە گشت بەشداربووان بتوانن ماوەی پێشنیازکراو سەبارەت بە دووری لە یەکتر ڕاگرن. بە پێی پێشنیازی دەستگای تەندروستیی کۆمەڵگا ئەو کەسەی سەر بە گرووپێکی مەترسیدارە یان هەست بە بوونی نیشانەکانی نەخۆشی دەکات نابێت لەو پرۆسەی بەخاک سپاردنە بەشداربێت.

## Minnesstund direkt efter begravningen

## بیرەوەرییەکانی یەکسەر پاش بەخاکسپاردن

ئەوە شتێکی ئاسوودە بەخشە کە یەکسەر پاش ئەنجامدانی بەخاک سپاردن لەگەڵ خزم و دۆستانتان کۆ دەبیتەوە و هەست بە هاوبەشی دەکەن. بەڵام بۆ ڕێگرتن لەو پێشنیارەی دەسەڵات و دەستگای تەندروستی بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی پەتا بێگومان بارێکی ئاسایی گونجاوە بۆ ئەوجۆرە پرۆسەیەی بەخاک سپاردن. پێویستە بەشداربووان ماوەی پێشنیاز کراو لەگەڵ یەکتر ڕابگرن، دەستەکانیان خاوێن ڕاگرن و خۆ دوور بگرن لە پێوەندی تەنیی. هەروەها لەبیرتان بێت کە لەکاتی خواردندا کارمەندی تایبەت خۆراک بۆسەر مێزەکان دابەشکات بۆ ئەوەی لەیەک نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان درووست نەبێت.

## Alternativa former för begravningsgudstjänsten

## شێوەگەلی جیاواز بۆ نوێژی بەخاکسپاردن

بە هۆی ڤیروسی کۆڕۆناوە کارێکی باشە کە بیر لە شێوەگەلی جێگرەوە بۆ پرۆسەی بەخاک سپاردن و کۆڕی ماڵئاوای بکەیت. لێرەدا چاک وایە بیر لە هەندێک لەو بژاردانە بکەیتەوە:

- میوانەکان بانگێشت بکرێن بۆ بەشداربوون لە پەخشێکی نمایشیی (ڤیدیۆیی)-یی زیندوو یانیش فیلمی بەخاک سپاردنەکەی تۆمارکراو. ئەگەر یەکێک لە بەشداربووەکان ڕاسپێریت کە فیلم تۆمار بکات بەو شێوەیە ئێوە دەتوانن ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان هەر جۆرە ڕێگەیەکی تردا بە دیجیتال ڕاستەوخۆ پەخشی بکەنەوە. یانیش دەکرێت دواتر فیلمەکە بدەن بە کەسانی دیکە.
- گێڕانی بەخاک سپاردنێکی بچووکی هەنووکەیی- پاش ماوەیەکیش کۆڕگرتنێکی گەورەتر. پرۆسەیەکی سادەی بەخاکسپاردن لەگەڵ تەنها کەسە هەرە نێزیکەکان لەوانەیە شتێک زۆر جوان و پڕواتا بێت. ئەگەر تۆ وەک خزم بخوازیت دەتوانی دواتر کۆمەڵێک کەس بانگێشت بکەیت بۆ کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی و کاتی یادکردنەوەی گەورەتر بۆ ئەو کەسەی ماڵئاوایی لێکردن.

Kyrkokansliet
POSTADRESS: 751 70 Uppsala
BESÖKSADRESS: Sysslomansgatan 4
TELEFON: 018-16 95 00

Svenska kyrkan

- بەخاک سپاردن یان سووتاندن. بێگومان شیاوترین ئەوەیە کە پاش ناشتنی تەرمی کۆچکردووەکە یان سووتاندنی تەرمەکەی یەکسەر بۆنەکان ئەنجام بدرێت، ئەگینا ناشتنی گۆزەڵەی خۆڵەمێش لەبریی تابووت دەکرێت تا ماوەی یەک ساڵ دواخرێت.

Kyrkokansliet
POSTADRESS: 751 70 Uppsala
BESÖKSADRESS: Sysslomansgatan 4
TELEFON: 018-16 95 00